

# رۆشنگەریی لەفەلسەفەی کانتدا

و: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

کانت لەدوای ئەرەستۆ، بەگەورەترین فەیلەسوف زانراوە کەلە خۆرئاوادا دەرکەوتووە، پێگەی کانت لەفەلسەفەی نوێی خۆرئاوادا هێندە زۆرە، کە دەتوانرێت بوترێت کەلەدوای ئەو هیچ کەسێك لەفەلسەفە نەدواوە، مەگەر لەبیروڕای ئەو هەڵهێنجرابێ.

بیروڕای کانت درزێکی قوڵی لەنێوان رێبازە عەقڵییەکانو رێبازە ئەزمونگەرەکانی ئەوروپادا دروستکردو فەلسەفەێکی ئەوروپا کەتاپێش ئەو لەژێرکاریگەری مدرسیۆنی سەدەی ناوەڕستدا، راستەوخۆ بووناسی بوو، بەتەواوی بۆ زانستناسی گۆڕی. کانت سەرەتاگەری رێبازی رەخنەییە لەفەلسەفەی خۆرئاوادا، هەر ئەو بیروڕا رەخنەییەی ئەویش بوو کەئەندێشەی ئەوروپایی بۆ رۆشنگەری زیوین بردو رێگەی چوونە ناوەوەی بۆ ئەوروپاییەکان خۆشکرد، ئەم وتارە توێژینەوەیە کە لەماناناسی رۆشنگەری لەدیدگای کانتەوە، نووسەری ئەم باسە جیالەوەی کە لەلایەنەکانی فەلسەفەی رۆشنگەریو هزری رەخنەیی لەدیدگای کانتەوە دەکۆڵێتەوە، هەروەها دەڕوانێتە بەرهەمە کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسییەکانیشیو وتارەکەی لەم لایەنەوە بەئاوەڕدانەوەیەکی نوێ دەژمێردرێت بۆکانت.

ئێستا کەلەسەرەتای سەدەی بیستو یەکەمدا وەستاوین، هێشتا لەژێرکاریگەری پەیڕەوەکانی بزاڤێك داین، کەچوارسەدە لەمەوبەر ئەوروپایی هێنایە لەرزەو لەوێوە پرشنگی خۆی بەسەرانسەری جیهاندا پەخشکرد، تایبەتمەندێتی ئەم بزاڤە چەرخێکی نوێی بەجیهانیبوونە ،کەسەراپای جیهانی کردە مەیدانی ناسینی مرۆڤی خۆرئاوا، لەخۆیەوە تاخەڵکانی خۆرهەڵاتی دوور، لەقوڵایی ئۆقیانووسەکانەوە تاکەشکەلانی فەلەك، هەموو بەم مەسەلەیەوە سەرگەرم بوون، بەهۆی هەمان جیهانگیریشەوە، هەمووومان(وڵاتانی نائەوروپایی) بەناچاریو بەئیجباری ئەوان چوینە نێو ئەم بەرە بەرفراوانیەی رۆشنبیری، واتە مێژووی جیهانییەوە، بەڵام ئەم چوونە ناوەوەیە بۆ ئێمە بێ کارەسات نەبوو، بەڵکو کۆمەڵە مەسەلەوکێشەیەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوە: رووبەڕووبوونەوەی سونەتو مۆدێرنێتە، ئێستا بۆ دۆزینەوەی شوێنی خۆمان لەم جیهانەو هەڵبژاردنی رێگەیەکی واقیعبینانەو رووبەڕووبوونەوەیەکی دروست، لەگەڵ سونەتی خۆمانو مۆدێرنێتەی خۆرئاوا، پێویست وایە کە چەرخی رۆشنگەری، بەوردبوونەوە لەپێگەی مێژوویی ئەو لەسەرجەم مێژوو فەرهەنگی خۆرئاوادا بەدواداچوون بکەینو ناسینی هەمەلایەنە، وردوقوڵ لەم چەرخەمان بەدەست بهێنین.

رۆشنگەری سەرێکی لە لوتکەدایەو سەرێکی بزر ئەم سەرەی لەلوتکەدایە لەهزری کانتدایەو سەری بزریش رێك لەهەمان شوێنە، واتە هەم توندوپڕی بەرۆشنگەری بەخشی، هەم بەحکومەت بێ کێشمەکێش کۆتایی بەعەقڵ هێنا، لەم روەوە خوێندنەوەی رۆشنگەری لەفەلسەفەی کانتدا دووقات سوودی هەیە، هەم ناسینی  تواناکانی عەقڵ، کەجەوهەری رۆشنگەرییەو هەم ناسینی سنوورەکەشی، ئەم وتارە کۆششکردنە لەسەر وەڵامی(بۆچی) یەکو (چی)، بۆچی رۆشنگەری سەریهەڵدا؟ بۆچوونی کانت چییە لەبارەی رۆشنگەرییەوە؟

1-رۆشنگەری چییە؟

کانت بەمجۆرە پێناسی رۆشنگەری دەکات: <u>رۆشنگەری دەرچوونی مرۆڤە لەو حاڵەتە دەستوەستانەی کەمرۆڤ بۆ خۆی بەسەرخۆیدا هێنابوو.</u>

((رۆشنگەر، بەتێگەیشتنی بیرکردنەوەی پێشکەوتوو لەعامیترین شێوازیدا، هەردەم هەوڵیداوە تا مرۆڤەکان لەکۆتو بەندی ترس بەرەڵلا بکاتو فەرمانڕەوایی و سەروەرییان بەرجەستەبکات.

بەرنامەی رۆشنگەری، کەنارگیرکردنی فێڵو جادوو لەجیهاندا، شیبوونەوەو تێکچوونی ئەفسانەکانو جێگیربوونی مەعریفە لەجیاتی خەیاڵ چنین)).

ئەو بابەتانەی کەلەچەرخی رۆشنگەریدا جێگەی دووپاتکردنەوەی رۆشنگەرانبوون، بریتی بوون لە: عەقڵ

باوەڕی، پێشکەوتن، حەقیقەتو بەدەستهێنانی بەشێوازی ئەزموونی(لەجیاتی توێژینەوە)، ئازادی، دژایەتی لەگەڵ سەرچاوەی دەسەڵات، گەڕانەوە بۆ سروشت، مافی مرۆڤ، ئاسانکاری لەدین داو بەئاسانی وەرگرتنی. رۆشنگەری بەتایبەتی لەبەریتانیادا هاوکات لەگەڵ فەلسەفەی ئەزمونیدا گەشەیکرد، نمونەکانی (جۆن لۆك)یش بەفەلسەفەی ئەزموونی خۆیان رێگەیان بۆ زانستی ئەزموونی ئاوەڵاو ئاوەڵاترکرد.

2-بۆچی بزووتنەوەی رۆشنگرەی سەریهەڵدا؟(ئەو مەرجە مێژووییانەی کەزەروورەتی بەرۆشنگەری بەخشی)


جۆن لۆك

گۆڕانکارییەکانی چەرخی رۆشنگەری، هەروەك هەر رووداوێك رەگی لەرابردوودا هەیە، بەجۆرێك کەمافی دروستو قوڵی هۆکارو بۆچییەتی ئەم واقیعانە، ئەم رووداوە پێویستی بەدەرك پێکردنی مێژوویی هەیە ، مرۆڤی خۆرئاوایی، لەسەدەی ناوەڕاستدا بەدرێژایی سەدەکان رووبەرووی کۆمەڵە مەسەلەیەك بووەوەو کۆمەڵە بەڵایەکی تووش هات، کەبەقۆناغ باوەڕی خۆی بەبنەمای کەنیسە لەدەستداو هێدی هێدی بیروباوەڕی خۆی خستەلاوەو کۆمەڵە مەرجێکی نوێی وەرگرتو ئارەزووی شێوەی ترو گۆانکاری پەیداکرد، تا ئەوەی کەلەدەیەکانی کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا ،بزووتنەوەی رۆشنگەری چووەسەر پێیو خۆیو سەرتاسەری ئەوروپای هەژاندو لەسەدەی هەژدەهەمداگەیشتە لوتکەی خۆی، واقیعی مەزنو ئەو بزوێنەرە مێژووییەی کەئەوروپای هەژاند، بریتی بوون لە: دوورکەوتنەوەی کەنیسەو زانایانی ئاینی مەسیحی لەدەقە

بارهێنەرەکانی مەسیحیەتی بناغەدار، جەنگی خاچ پەرستەکان، شۆڕشی ئابووری، گۆڕانی فیکریو کۆمەڵایەتی، ڕێنسانس، بزووتنەوە ریفۆرماسیۆن (چاکسازی دین)، جەنگە سی ساڵییەکانو سەد ساڵییەکانو شۆڕشی کشتوکاڵی، جەنگی خاچپەرستەکان لەو کۆمەڵە هۆکارانەیەکە پایەکانی بیروباوەڕی خەڵکی لەرزاند، زەبرێکی تری قورس لەمەسیحیەکان ئەوەبوو ،کە بەمەبەستی خۆیان کە ئازادکردنی ماڵی پیرۆز،(شوێنی لەدایکبوونی عیسا)بوو، نەگەیشتن‌وئەمەش دوودڵیو حەپەساوییەکی زۆری لای خەڵکی دروستکرد ،کەبۆچی خودای عیسا، پیرۆزی لەدەستدا(بێ دین) نەهێنایە دەرو یارمەتی مەسیحییەکانی نەدا لەم کارەدا.

شۆڕشی ئابووری لەسەدەکانی(10-11)داو لەپاش جەنگەکانی خاچپەرستەکان، هەندێ شوێنی ئەورووپا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیەوە بینی لەکاروباری بازرگانیو بەتایبەت بازرگانی دەرەوەدا، کەکاریگەرییەکی زۆر هەبووە بەسەر گشت ئابووری ئەورووپادا، لەبواری پیشەسازیشدا کۆمەڵە پێشکەوتنێکی بەخۆوەدی، بەڵام بەئەندازە بازرگانی نا، چینەکان بەرفراوان بوون، هەروەها چینی بۆرژوا لەلوتکەو دەسەڵات پەیداکردندا بوو، شۆڕشی پیشەسازی، سیمای سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری ئەم دەورانە، فیودالی بوو کەپشتی دەبەست بەکشتوکاڵو زەمین دارییەوەو لەپەرپێدانی پیشەسازیو بازرگانی، گەشەی ئابووری کەبنەماکەی پارەبوو، ڕۆژانە زیادبوونی خواستو لەسەرکرێکارو لەنێو شارەکاندا، بەمەش سیستمی جوتیاری بەئاسانی گۆڕی، ئەمەش گۆڕانکارییەکی رەگو ریشەیی بوو کەسیمای ئەورووپای گۆڕی، چونکە پیشەسازی وردە وردە خەریك بوو زاڵ دەبوو بەسەر جسهانی دێریندا.


ئەرستۆ

گۆڕانکاری فیکریو کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕانکارییانەی کەلەم بوارەدا بەرجەستەبوونو هاتنەپێش، لەچەند لایەنێکەوەبوو، یەکێ لەوانە لەپاش ئەو حکومەتەی کەپادشایان هەوڵیاندەدا دەسەلاتو پێگەی زانایانی ئاینی کەنیسە لەکاروبارەکانی ولات کەم بکەنەوە، هەر بەو هۆیەش هەندێجار تێوەگلانی سەختی نێوان پادشاو پاپاکان لەم سەدانەدا بەرچاو دەکەوێت، کەسەرەنجام پادشایان توانیان تارادەیەکی زۆر پاشەکشێ بەپاپاکان بکەن لەکاروباری ولاتو حکومەتدا، کەئەمەش بۆخۆی سەرکەوتنێکی مەزن بوو.

هەڵبەتە لەم پاشەکشێ پێکردنو ململانێیەدا، هەمیشە پادشایان دەستپێشخەرنەبوون، بەڵکو هەندێجار بیریارانیش دەستپێشخەرییان دەکرد، لەڕووی مافو یاساکانەوە، گۆڕانکارییەکی باش کرا، لەم دەورانەدا مافی قەرەجی زۆر سودمەندبوو، دوورکەوتنەوەی کەنیسە لەدەقە بارهێنەرەکانی مەسیح، کەنیسەو زانایانی ئاینی مەسیحی بەقۆناغ بەتایبەتی لەسەدەکانی(10و11)دا وردە وردە روویکردە گەندەڵیو لەناوچوون، کەڵەکەکردنی سامان، دەسەڵات خوازیو بەدرەوشتی هاواری نارەزایەتی هەمووانی بەرزکردبۆوە.

رێنسانس، لەسەدەی پانزەهەمدا پێشەکیەك بوو بۆ رۆشنگەری بەتایبەتی هیۆمانیسمی ریفۆرماسیۆن، لەم لایەنەوە کەبەسەر کاسۆلیکدا هەڵساو راڤەی ئەوەی لەدین بۆ جەنگ راکێشا، لەکۆتاییداو بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئەندێشەی پەلکێشکرد بۆ ئازادی(گەرچی نموونەکانی کالون زۆر توندوتیژبوون)، جەنگە سی ساڵیو سەدساڵیەکان، ئەو جەنگانەی کەلەنێوان بەریتانیاو فەرەنسادا روویدا، ئەو جەنگانەی کەتایبەتمەندێتی سەرەکیان دەتوانرێت بەنەفامی بخوێنرێتەوەو ئەنجامی بەبارهاتنیشیان بەرۆژی رەش.

1-کانت و رۆشنگەری

رۆشنگەری لەچەند فرمانێکدا روویدا: زانستی ئەزموونی، مۆراڵ، ئاین، کۆمەڵگا، کانت لەپەرتوکەکانیدا لەهەموو ئەم بارانەوە دواوە.

أ-زانست، هاوکات لەگەڵ بەرجەستەبوونی رۆشنگەریدا زانستیش لەگەڵ وەلابردنی شێوەکانی رابردوو، بەرەو ئەزموونو تاقیکردنەوە رۆیشتو دەستی بەکۆمەڵێك پێشکەوتن گەیشت کەلەسەدەکانی رابردوودا بەوە نەگەیشتبوو زانستی ئەزموونی هەم سوودیان لەدیدگا فەلسەفیەکان وەرگرت، هەم کاریگەرییان نواند لەسەر، رۆشنگەران باوەڕێکی پتەویان هەبوو بەو عەقڵو توانایانەو زانستیشیان بەدەستکەوتی عەقڵ



حەزرەتی مەسیح

دەزانی، فیزیای نیوتن، وەکو نیشانەی ئەمەی کەجیهان لەسەر بنەمای یاسا عەقڵیەکان بنیات نراوە،

لەبەرچاودەگیریو بەبەڵگەی هێزی بێ سنوورو بێ ئابلۆقەی عەقڵ دەزانرێت، کانت لە(رەخنەی عەقڵ) توانای مرۆڤ لەراکێشانی زانستو سنووری ئەم توانایەی خستۆتە بەرتوێژینەوەو دووپاتیکردۆتەوە کەعەقڵ نەزەری تەنها لەزانستدا بەکاردەهێنرێتو حەتمەن دەبێت سوودی لێوەربگیرێت.

ب-کۆمەڵگا، یەکێك لەو مەسەلە گرنگانەی کەلەچەرخی رۆشنگەریدا زۆر جێگەی سەرنجی رۆشنگەران بوو، کۆمەڵگابوو، بەهۆی جەنگە ناوخۆییەکانو جەنگی نێوان وڵاتەکان، بونیادی کۆمەڵگا زۆر سست بوو، هەم لەڕووی ئابووریو داهاتی گوزەرانەوە، هەم لەڕووی مۆڕاڵیو هەم لەڕووی رۆشنبیرییەوە، ئەم مەسەلەیە وردە وردە بیریارانی خستەسەر ئەم ئەندیشەیەی کەهۆکاری ئەم پەرێشانییە چییە؟ وچۆن دەتوانرێت کۆتایی بەم ئاڵوزیو پەشێوییە کۆمەڵایەتییە بهێنرێتو ئاسایشو خۆشگوزەرانی بەدیاری بهێنرێت بۆکۆمەڵ؟

یەکی لەهۆکاری گرنگەکانی سەرنجدان بەرەوشتی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، لەم چەرخەدا، هزری هومانیزم بوو کەدەیگوت خودی ئەم مرۆڤ و پێویستییانەو خواستەکانی، دەبێت ببێتەجێی سەرنجو نابێت ئەو بەچاوێکی بێ بەها لەخزمەتی حکومەتو پاپا لێی بڕوانرێت، کەلەهیچ مافێك بەرخوردارنییەو حکومەتیش هیچ وەزیفەیەکی نییە لەبەرامبەری.

مرۆڤ خۆی رەچەڵەکی هەیە، لەم رووەوە(فەلسەفەی رووناکبیری، لەهەنگاوی یەکەمدا بریتی بوو لەجۆرە بەهایەکی نوێ، یەکەم لەپلەو پایەی مرۆڤ لەم جیهانەو دوومیان لەتواناکانی مرۆڤ بۆ سەروەتدان بەرەوشتی پەرێشانی کەمرۆڤی چەرخەکان دووچاری بوون)و وێڕای ئەم مەرجانە((ئاساییە کەرووناکبیران زیاتر بایەخیان بەتوێژینەوە کۆمەڵایەتیو مرۆییەکان دەدا) لەو کۆمەڵە مەسەلانەی کەلەکۆمەڵگادا دەخرێنەروو، حکومەتو مۆراڵە.

1-مۆڕاڵ، رۆشنگەران لەپێش کانتەوە، دەیانویست مۆڕاڵ لەسەر بنەمای ئاین بونیادبنێن، بەڵام کانت مۆڕاڵی بەجەوهەری ئاین دەزانیو ئاینی لەسەر بناغەی مۆڕاڵ بیناکردو جەوهەری مۆڕاڵیشی بەیاسای ویژدانزانی، ئەم یاسایەشی گەڕاندەوە بۆ عەقڵ) عەقڵی بەیاسادانەری مۆڕاڵ دەزانی، عەقڵی کرداری)

2-حکومەت، کانت دەیەوێت حکومەتو هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەعەقلانی بکات، لەم تایبەتمەندییەدا، مافی سروشتیو مافی فەراهەمهێنان دەخاتەڕوو، مافی سروشتی بوونی ئازادی بەبنەمای دروستبوونی حکومەتێك دەزانێ، چونکە تەنها بەبوونی حکومەتێكو یاسا لەکۆمەڵدا، دەتوانرێت بەر بەئاژاوە بگیرێتو بەرگری لەمافی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ بکرێت.

ج-ئاین: کانت ئاینی لەسەر بنەمای مۆراڵ بونیادناو ئامانجو مەبەستی ئەوی بەمۆڕاڵ زانی. باوەڕی لەئاین جیاکردەوەو باوەڕی وابوو کەدەتوانرێت بەقوڵی بڕواداربێت، بەڵام پەیڕەوی لەهیچ ئاینێك نەکەیت.